# له بارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باشورەوە

گفتووگۆی دەنگەکان لە گەڵ نووسەرو ڕۆشنبیر کامیار سابیر

دەنگەکان بە پێویستی زانی، چەند پرسیارێک بۆ تاو توێکردن سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باشور و زەمینەو مەفاهیمەکانی پشت ئەو پرسە، بخاتە بەردەستی نووسەرو ڕۆشنبیر کاک کامیار سابیر، کە بۆ خۆشی چەندین بابەتی لەو بارەووە نووسیوە. ئێمە وەک دەنگەکان پێمان وایە ئەو باسە قسەو شیکردنەوەی زیاتر هەڵدەگرێت و هەڵدەدەین لەم بارەوە پرسیاری زیاترمان هەبێت لە نووسەران و ڕۆشنبیران.

**دەنگەکان :**

**سەربەخۆیی کوردستان، خەونە گەورەکەی تاکی کورد. بەشێک لە دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان و لەسەر دەمی بەرێز بارزانییەوە زیاتر لە جارێک باس لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کراوەو دەکرێت، ئەوەش لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە. کامیار سابیر لە ڕێی چەند نووسینێکییەوە کەوتۆتە بەرەی دژی ئەم بانگەشەیەوە! ئەمە بۆ؟ سەربەخۆیی کوردستان، یان وەک هەندێک لە نووسەران و سیاسەتمەداران دەڵێن دەوڵەتی کوردی، ئەم موفرەداتانە لە دیدی ئێوەوە چ مانا و مەدلولاتێکی فیکری دەبەخشن؟**

کامیار سابیر:

ئەگەر لە چەمکە سیاسیی و زمانەوانییەکانەوە دەست پێبکەم، باشتر دەتوانرێ تانوپۆی پرسیارەکە وەلاّم بدرێتەوە. دەوڵەتی کوردیی، ماکێکی نەژادیی هەیە و لە مەرجەعی ناسیۆنالیزمی نەژادییەوە( ئێثنۆناسیۆنالیزم)، وزەی سیاسیی و فیکریی وەردەگرێ. ئیرادەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق، کارێکی تا بڵێی ڕەوایە لە ڕووی سیاسیی و ئابوورییشەوە، بەلاّم بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق ( بە کەرکوکیشەوە)، زۆر گرینگە ئەم ئیرادەیە بۆ ئەجێندای حیزبیی، بنەماڵەیی، دزیی و تالاّنیی بە دەیان ملیارد دۆلار، تەوظیف نەکرێت.

لە زمانی سیاسیی پارتییدا، دەوڵەتی کوردیی، ڕیتۆریکێکە دەیەوێ بەهۆی ئەم نۆستالژییە نەتەوەییەوە، درێژە بە تالاّنیی و دزییەکانی لە سامانی نیشتمانیی گەلی کوردستان بدات .لە هەموو مێژووی پارتیی و کوردایەتییدا، هیچ میکانیزم و ستراتیژییەک، هیچ پێشهات و

ئالۆگۆڕێکی سیاسیی، جیۆگرافیی و ئابووریی بە ئەندازەی بوون بە "پرۆکسی" بۆ تورکیا و قاوەقاوی دەوڵەتی کوردیی، بیزنسێکی باش و پڕ خێروبەرەکەت و بە قازانج نەبووە. پارتیی و بنەماڵەی بارزانیی و نەوەکانیان، دەیان میلیارد دۆلاریان، سەرمایەگوزاریی کردووە بەهۆی درۆودەلەسەی سەربەخۆیی ئابووریی و خۆماڵییکردنی نەوت و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە( دەوڵەتی کوردیی).

بنەماڵەی بارزانیی بەهۆی ئەم بیزنسە پۆغڵەواتەوە کە دزیی لە سامانی نیشتمانیی گەلی کوردستان دەکەن، دیارە بەهاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان دروستتر بگوترێ بە شەراکەتێکی کەمتر بۆ یەکێتیی، پێکەوە گەورەترین چەتەگەرییان لە مێژووی ئابووریی سیاسیی و دەوڵەتی ڕەیعییدا داهێناوە.

ئێستا ماڵی بارزانیی و بەتایبەتییش، مەسعود بارزانیی، مەسرور بارزانیی و نێچیرڤان بارزانیی، پێکەوە خاوەنی زیاتر لە صەد میلیارد( بیلیۆن) دۆلاری ئەمێریکیی دەبن. ئەمە جگە لەوەی ئەو هەموو عەقارات و موڵکی شارەوانیی و دەشت و دەری کوردستانیان لەسەر حیزبەکەیان تاپۆ کردووە یان لە ڕێگەی تیجارەتەکانی خۆیانەوە پشکیان لە کۆمپانیا بیانیی، هەرێمیی و ناوخۆییەکاندا هەیە و ئەمانیش بایی صەدان بیلیۆن دۆلار دەبن .پارتیی و ماڵی بارزانیی، ئەم شەرعییەتە سیاسیی، کولتووریی و مۆراڵییەیان لە کوێوە هێناوە کە ئەوان بەوشێوەیە قۆرغی دەسەڵاتی سیاسیی و مەلەفی نەوت و غازی کوردستان بکەن؟ کرۆنۆلۆجیای ئەم ئیفتیخارەیان بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە کە بە کورتیی ئاماژەیان پێدەدەم:

1 : بەهۆی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ صەدام حوسێن و حیزبی بەعسدا، هەژموونی عەسکەریی خۆی بەسەر کوردستاندا، لە ڕێی دەبابەکانی عوروبەوە، لەساڵی ١٩٩٦ ەوە، سەپاند و هەولێریان داگیر کردو. ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ئەو شارە وەکو داگیرکراو، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و بچووکترین نووزەی ئازادیی تێدا نییە و هەموو دەنگە ناڕازییەکان، بە تۆقاندن، بە فڕاندن، بە گرتن، بە ڕاوەدوونان و تیرۆرکردن، هەندێ جاریش بەهۆی سیناریۆی تەقینەوەی ئیسلامییە رادیکاڵەکانەوە، سەرکوت دەکرێن. ئەمەش وایکردووە، هەموو هێزە سیاسییەکانی تر، لە هەولێر میوان بن، یان وەکو ئەو حیزبانەیان لێ بێت کە تەسویقی سیاسەتەکانی پارتیی دەکە .

2 : تاوان بەو داگیرکردنەی هەولێر، درێژەی هەیە و ئەمجارە لە ڕێگەی دەوڵەتی تورکیا و هەژموونی ئەردۆغانیزمەوە، بەتایبەتیی لەدوای لابردنی ڕژێمی صەدام حوسێن، پارتیی وەکو پرۆکسییەکی سیاسیی و ئابووریی تورکیا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستان و عێراق دەکات. لەم ڕێگەیەشەوە، بە سپۆنسەریی دەوڵەتی تورکیا و ئەردۆغان، دەیەوێ دەوڵەتی کوردیی! ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەجێندای تورکیا، دادۆشینی هەرێمی کوردستانی عێراقە و لەم ڕێگەیەشەوە دەوڵەمەندبوونی ماڵی بارزانیی و دەستکرانەوەیان بەسەر مەلەفی نەوت و غازدا، ئەوەندەی تر هەژموونی زیاتری پێداون. بە تایبەتیی کە هێزێکی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جورئەتی ئەوەی نییە تەحەدای سیاسەتە تالانییەکانی پارتیی بکات، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەن

که به یەک بە سێش بێت شەریکیان بکات. لەولاشەوە، ئۆپۆزیسیۆنی جاران، لای کەم بۆ ماوەی دوو ساڵێک، دونیایەک وەهمیان بە پرۆژە تاڵانیی و چەتەگەرایییەکەی پارتیی و دەوڵەتی کوردیی و سەربەخۆیی ئابووری هەبوو. لێرەشەوە شەرعیەتی سیاسیی زیاتریان بە پارتیی دا .

3 : لەهەموویان گرینگتر، پارتیی ئەم شەرعییەتەی کە ئەو خاوەنی مەلەفی نەوت و غاز، خاوەنی مەلەفی سامانە سروشتییەکان و پێوەندییە دەرەکییەکان بێت، لە ناسیۆنالیزمی کوردیی و کوردایەتییەوە وەرگرتووە. بە شیعارە جەوفاکانی کوردایەتیی، بە ریتۆریکە ناعەقڵانییەکانی دەوڵەتی نەژادیی و بە حەماسە ئایدیۆلۆژییەکانی ئاڵای نەژادیی( ئاڵای هەرێمی کوردستان)، زۆرینەی رەهای هێزە سیاسییەکان و ئەو نووسەر و ئەکادیمیستانەی خستە ناو بلۆکی دەوڵەتی کوردییەوە، شەرعییەتێکی جەماوەریی بە خۆی دا کە بتوانێ ببێ بە حیزبی قائید و رائید لە مەلەفە هەستیارەکاندا.

**دەنگەکان:**

**هەموان دەزانین گەندەڵی تان و پۆی ئەو دەسەڵاتەی هەرێمی بە تەواوی داگرتووە، بەڵام کاتێک ئاوڕ لە مێژووی کورد دەدەینەوە دەبینین چ گوزێکی کوشندەی بەرکەوتووە لە ئاکامی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆدا. پێت وانییە خاوەنی چوار چێوەیەکی دانپێنراوی سیاسی دیاریکراوبین باشتر نابێت لەم بێ دەرگاو پەنجەرەیەی ئێستا؟**

کامیار سابیر:

گومانی تێدا نییە، چوارچێوەیەکی سیاسیی دانپێنراو بە قانونی نێودەوڵەتیی، لەم بێ دەوڵەتیی و بێ کیانییە زۆر باشتر بوو. لێرەدا بەڵامی سیاسیی، جیۆسیاسیی و سەرەنجامیش بەڵامی ژیان و گوزەرانی باشتر، دێنە پێشەوە. لە رابردوودا، ئەگەر شێخ مەحمود بەو هەموو گەندەڵیی و پرۆکسیببوونەیەوە بۆ تورکە عوسمانییەکان، دەوڵەتێک، قەوارەیەکی سیاسیی و جیۆگرافیی بۆ کورد دروست بکردایە، ئێستا ئەو هەستکردنە بە ضوعف و نەقصی نەتەوەیی، یان نیشتمانیی بوونی نەدەبوو. هاوکات، ئەوەش لەبەرچاو بگیردرێ، ئایا دەکرێ بڵێین، باشە ، بێ مووچەیی، بێ ژیانیی، بێ روئیایی و زۆر شتی تر بەلایەک، بەڵام لەسەروو هەمووشیانەوە، ئایا دەکرێ بەناوی دەوڵەت دروستکردنەوە، سامانی نیشتمانیی گەلی کوردستان بە صەدان بیلیۆن دۆلار مەزەنەندە دەکرێ، بگرە بۆ ماوەی چەند دەیەیەک، دەگاتە چەند تریلیۆنێک دۆلار، ئایا دەکرێ زۆرینەی رەهای بۆ بنەماڵەیەکی سیاسیی و حیزبێکی سیاسیی بێت و هەندێ بنەماڵە و حیزبی تر بە شەراکەتێکی کەم، شەریک بکەن، چونکە دەوڵەتمان بۆ دروست دەکەن؟

ئێستا، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، بە دەستی خۆمان، بە عەقڵی خۆمان، تا چەندین نەوەی دواتر

( کێ دەزانێ دە نەوە، بیست نەوە...تاد)، بۆچی باجی ئەو حەماقەتە سیاسیی، مێژوویی، عەقڵیی و فیکرییەی ئێمە بدەنەوە کە دیکتاتۆرێک، ئیمارەتێکی شێخنشینیی، ویلایەتێکی پرۆکسیی و

مەئموورییەتێکی سیاسیی بۆ ئەجێندای دەوڵەتی تورکیا دابمەزرێنین و دژایەتیی زۆرینەی گەلی کوردیش بکات؟ ئەمە لەکاتێکدایە، دە ساڵی تر ئەم بنەماڵە سیاسییانەی کوردستان، نەوت و غازی کوردستان بفرۆشن، هەموویان دەبن بە تریلیۆنێر و بۆ ئەبەد، وەکو طەوق لەگەردنی ئازادیی، مافی مرۆڤ و دیمۆکراسیی دەئاڵێن و کوردستان، خۆشیی لەخۆی نابینێت .ئەم ئیمارەتە پرۆکسییەی بەهۆی بێ دەوڵەتییەوە، حەزدەکەین دابمەزرێ، ئاخر دەرگە، پەنجەرەکانی، خشت و بۆرییەکانی، کاری کارەباییەکەی و سەرجەم ستراکتۆری خانووەکە لە دیزاین و ئەندازیارییەوە بگرە، تا کرێکاریی و هێنانی مەعدە سەرەکییەکانی دروستکردنی خانوو، هەموویان، بە دەستوری دەوڵەتی تورکیا و فاشیزمی ئەردۆغانیی دەکرێ و بەویستی ئەوانیش دروست دەکرێ؟

ئایا چۆن دەکرێ لەو خانووە پڕ دەرگە و پەنجەرەیەدا، وەکو گەلێکی ئازاد، تێیدا بژین، بەڵام هەر ئەو ئەندازیارانە، هەر ئەو دیزاینەرانە و هەر ئەو وەستایانەی خانووی دەوڵەتی کوردیی! دروست دەکەن، خۆیان زیندانی گەورە گەورەیان بۆ گەلێکی لای کەم ١٥ میلیۆنیی لە کوردستانی تورکیا چێکردووە و هەڕەشەی داگیرکردنی ئەو قەوارە نیمچە دیفاکتۆیەی، کانتۆنەکانی کوردستانی سوریاش دەکات،کەچیی بۆ ئێمە، ببێت بە پارێزەری ئەمنی قەومیی کورد بۆ دەوڵەتە کوردییە نەژادییە-طائیفییە- سونییە-عەرەبییە- بنەماڵەییەکە .لە هەموویشی گرینگتر، ئەم دەوڵەتە شێخنشینییەی طائیفەیەک لە بارزانییەکان، کاروباری سیاسیی، ئابووریی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەدەستەوە دەگرن، لەناو قوڕولیتاوی دەوڵەتی سوننیی-عەرەبییدا، حەل دەکرێت و ئەوەندەی وەکو مەقاش بۆ کێبەرکێی نێوان بەرەی سوننە دژ بە ئێران و شیعە بەکار دەهێنرێ، یەک لەهەزاری ئەوەش، پێوەندیی بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی کوردستانەوە نییە.هەر بەم سەرگەردانیی و مۆلەقییەی ئێستا بمێنێتەوە، یان لەگەڵ بەغدادا، مامەڵە بکات و بە پێی دەستوری عێراق، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەبێت، زۆر زۆر باشترە لەوەی قوماری پێوە بکەیت و ببیتە تاتەباز بۆ سەرکێشییەکانی فەندەمێنتالیزمی دینیی و رادیکاڵیزمی سوننیی و فاشیزمی تورکیی و عوروبیی قەومەوییەکان. سەرەنجامیش، ئەوانەی باسی دەوڵەت دروستکردن دەکەن، جگە لەوەی دەیانەوێ ساڵانە چەندین بیلیۆن دۆلاری زیاتر لە خەڵکی کوردستان بدزن، هیچ ئەجێندایەکی نەتەوەیی و نیشتمانییان نییە. کۆمەڵێ مافیای دزن و ناسیۆنالیزمی چەتەگەرایی و کوردایەتییان، وەکو چەترێک بۆ تالانیی و بیزنسەکانیان بەکارهێناوە.

**دەنگەکان :**

**بەڕای ئێوە پێش مەرجەکانی هەنگاونان بۆ سەربەخۆی کوردستان چییە؟**

کامیار سابیر:

ئەم پرسیارە، بە شێوازی جۆراوجۆر، زۆر کراوە زۆر ئەم دیوەودیو کراوە. هاوکات، زۆرجاریش بە شێوازی جودا وەلام دراوەتەوە. ئەگەر بەهەڵەدا نەچم لەم وەلامدانەوەیەدا، دەمەوێت بە شێوازێکی تر وەلامی بدەمەوە. سەربەخۆیی کوردستان، دەبێ دەستنیشانی بکەین، کام بەشی کوردستان؟ ئێستا هەرێمی کوردستان-عێراق و کوردستانی سوریا (کانتۆنەکانی کوردستان)، ، بەراورد بە بەشەکانی تری کوردستان، لە ئەگەری سەربەخۆبوونەوە نزیکن.

ژنە چالاکوان و عەدالەتخوازێکی کۆمەلایەتیی هەیە بەناوی لوسی تێنە(تێرنەر Lucy Turner )، خەڵکی بریتانیایە، باوکی سکۆتلەندییە و دایکی وێلزییە لەگەڵ دامودەسگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە دەیان ولاتی جۆراوجۆر، کاری کردووە. لەسەر مەسەلەی جیابوونەوەی سکۆتلاند لە ئینگلاند (بریتانیا)، بۆچوونێکی سەرنجراکێشێ هەبوو.ئەو، پێیوایە ناسیۆنالیزم فەلسەفەیەکی پڕ مەترسییە بۆسەر ئاسایشی کۆمەلایەتیی و پێکەوەگونجانی گەلان و نەتەوەکان، بەتایبەت ئێمە لە دونیایەکدا دەژیەین، تەحەدای زۆری هەژاریی و تەواوبوونی سامانە سروشتییەکان، لە قۆناغێکی زۆر مەترسییداردایە. ناکرێ حیقد، رق، قینە و داخ لەدڵیی لەو پێوەرانە بن کە مرۆڤەکان لەسەر بناغەی نەژادیی، نەتەوەیی، دینیی و ئایدیۆلۆژیی، بەگژ یەکدا بچن و یەکتریی قڕ بکەن. ئەو داکۆکیی لە مانەوەی سکۆتلاند لەناو بریتانیادا دەکرد، بەلام تەخوین نەکرا و بە طابوری ئەم ولات و ئەو لایەن، لە قەڵەم نەدرا.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم باسە بۆ ئەوە بوو کە لەگەڵ، نەیارانی دەوڵەتی کوردیی، یان دەوڵەتی نەتەوەیی یاخود دروستتر بگوترێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی بە عەهدی شەرەفی ئەردۆغان و فاشیزمی تورکیی، بڕیارە، لەلایەن بارزانییەوە، بناغەکەی لەسەر بناغەیەکی پڕ لە درۆ و فشۆڵ دابمەزرێنێت. ئەمە ناکاتە ئەوەی کە گەلی کورد، وەکو هەر گەلێکی ناوچەکە و جیهان، بەو ژمارە زۆرەوە (٣٠ بۆ ٤٠) میلیۆن کورد، لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا، خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی نیشتمانیی، یان تەنانەت نەتەوەیی نەبێت. هاوکات، بەو مانایەش، مەبەستم نییە کە ئەم گەلە دەستبەرداری سەربەخۆیی، لای کەم پارچەیەک یان دوو پارچەی کوردستان لە مەودایەکی زەمەنیی نزیک یان دووردا ببێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کام سەربەخۆیی، کام میکانیزمی سەربەخۆیی؟ بە کام پرۆژە، بە کام بەرنامە و کاری سیاسیی، ئابووریی، فەرهەنگیی و عەسکەرییەوە، تەحەدای واقیعە جیۆپۆلیتیکەکان و بالانسی هێزەکان و لەسەروو هەموویشیانەوە، ئینتێگرەیشنی، سیاسیی ئابووریی و کۆمەلایەتیی، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان (هەرێم و کەرکوک) دەکات؟

ئێستا، ئێمە دوو نموونەی جیاوازمان لە دوو پارچەی کوردستاندا هەیە. لە هەرێمی کوردستان، ناسیۆنالیزمێکی فشەکار، درۆزن، ریاکار، مافیایی، چەتەگەرایی و تالانچییمان هەیە. هاوکات هیچ روئیایەکی سیاسیی رۆشنی نییە و لەسەروو هەمووشیانەوە، ناسیۆنالیزمێکی مورتەزیقەمان هەیە کە پلانەکان و ئەجێنداکانی دەوڵەتی تورکیا، سعودییە و قەطەر، حەرف بە حەرف جێبەجێ دەکات. کەوتووەتە ناو گەمەی موخابەراتیی ئەردۆغان و سەلەفیزمی سیاسییەوە. خۆبەخۆ بووە بەلایەنگری فاشیزمی دینیی-سوننیی-وەهابیزمی سعودیی ، هاوکات، ئەجێندای ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و ناسیۆنالیزمی دینیی وڵاتانی ناوچەکە و حیلفی سوننە جێبەجێ دەکات. ئەم ناسیۆنالیزمە دز و پرۆکسییە، بۆ ئەوەی بیزنسی نەوتفرۆشتن و غازفرۆشتنەکەی سەرمایەی زیاتر کەڵەکە بکات، کەمپەینی بەئەحمەقکردنی خەڵکی دەست داوەتێ و هەموو کەس، حیزب و گرووپێک تەخوین دەکات کە لەگەڵ سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە ئابوورییەکانی( تالانییەکانی) ئەودا نەبن. لە واقیعیشدا، خۆیان مێشێک میوانیان نییە و لە دوورونزیکدا، باوەڕیان بەوە نییە کە هەنگاوێکی کرداریی بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرن.

باشترین کارتێکیش بۆ زیندووراگرتنی ئەم حەماقەتە سیاسیی و فیکرییە لە ئاستێکی باڵادا، بەرزکردنەوەی بەردەوامی کارتی ناسیۆنالیزمی بنەماڵەیی و ناوچەگەرایییە کە سلێمانیی بە ملۆزم دەزانێ، کەرکوک بە زیادە دەزانێ، گەرمیان بە دوومەڵ دەزانێ و دەڤەری راپەڕینیش بە بەشێک لە ئێران دەزانێ. بە دڵنیاییشەوە، هەولێریش بە هیی خۆی نازانێ، چونکە پاش ئەوەی نزیکەی بیست ساڵە بە تەحالوفی کوردایەتیی و عوروبە، هەولێر داگیرکراو دواتر تەسلیمی ئەم ناسیۆنالیزمە نەژادیی-طائیفیی و خێڵەکەییە کرایەوە، بەهەر نرخێک بووە دەیەوێ لە پرۆژەیەکی پڕ موجازەفە و پڕ لە دۆڕان و شکست، تەسلیمی قەوارەیەکی عەرەبیی-سوننیی-دینیی- طائیفیی بکات کە تورکیا، سعودییە و قەطەر، خوازیارن لەبەرامبەر هەژموونی شیعە و ئێراندا، بە خەیاڵیش بێت، رای بگەیەنن. لە خراپترین دۆخدا، وەکو قوبرص، بە بەشێک لە تورکیا، ئەژمارد بکرێ. لەوێشەوە بۆ دەیان ساڵی تر، ئەم ویلایەتە مورتەزیقە نەوتییە، بە پارەی نەوت و غازی ئەو هەرێمەی لەژێر دەستی حیزبێک و بنەماڵەیەکدا دەبێت، یان چەند حیزب و چەند بنەماڵەیەکدا، دەبێت، شەڕی پەکەکە و حیزبە پرۆکسییەکانی پەکەکەی پێ دەکرێ. شەڕی هەردوو کوردستانی تورکیا و کانتۆنەکانی، بە تۆبزیی بەسەردا دەسەپێنرێت و بەشێکی زۆری داهاتی نەوت و غازی ئەو ویلایەتە وەهمییە، وەکو بارمتە، لای فاشیزمی ئەردۆغانیی( لە کورت مەودادا) و فاشیزمی تورکیی( دوور مەودادا)، گل دەدرێتەوە.

بەکورتیی، پێشمەرج بۆ هەنگاونان لە کوردستانی عێراقدا، بەرەو سەربەخۆیی، پێش هەموو شتێک کەمکردنەوەی گەندەڵیی، بنیاتنانی دامودەسگای نیشتمانیی و شەفافییەت لە مەلەفی نەوت و غازدا لەگەڵ لای کەمی دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. بە دڵنیاییەوە تا ئەم دوو حیزبە مافیاییە و ئەم چەتانەی کوردایەتیی خاوەنی ئەم گوتارە بەتاڵەی کوردایەتیی و ئەم خەزێنە پڕ لە بیلیۆن دۆلارەی نەوت و غاز بن، سەربەخۆیی لە خەونی شاعیرە رانتخۆرەکانی کورد، تێپەڕ ناکات. لەبەرامبەردا، کانتۆنەکان، هەموو هەنگاوێکیان بەرەو سەربەخۆییە، بەرەو

گەڕانەوەی ئیرادەی ئازادە بۆ ئینسانی تێکشکاوی کورد، هەنگاو دەنێن خاوەنی ئازادیی و خاوەنی ئابووریی نیمچەسەربەخۆ بن. عەدالەتی کۆمەڵایەتیی لەبەرچاو دەگرن، دزیی و گەندەڵیی لە ئاستێکی زۆر زۆر کەمدایە کە نەیارەکانیشیان ناتوانن، وەکو بوختانیش باسی بکەن. مافی ژنان و رۆڵی ژنان، لە ئاستێکی زۆر باڵادایە، بەراورد بە زۆربەی جیهانی عەرەبیی-ئیسلامیی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتییش حکومەتە گەندەڵەکەی هەرێم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، فشەفش ناکەن و ناڵێن بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆین، لەگەڵ ئەمێریکا، روسیا، سوریا، ئەوروپا، عێراق و ئێراندا، پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان باشە، تەنیا کوردایەتیی و رائیدەکانی دەوڵەتی کوردیی (لەهەرێمدا) لەژێر فشاری تورکیا و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ پەکەکە و پەیەدەدا، نەیاری سیاسیی ئیرادەی خەڵکی کانتۆنەکانن. هەموو ئەمانە، وەکو فاکت لەسەر ئەرضی واقیع، پێمان دەڵێت ئەگەر گەلی کورد و ئەو گەلانەی لەگەڵیدا دەژیەن لەسەر خاکی کوردستان، بیر لەسەربەخۆیی بکەنەوە، ئەوە ئاسۆی هەڵهاتنی ئەم سەربەخۆییە، لە کوردستانی سوریاوە، پرشنگ دەداتەوە.

**دەنگەکان:**

**ئایا مانەوە لە چوار چێوەی عێراقدا، یان وەکو هەندێ کەس دەڵێن گەڕانەوە بۆ بەغدا، چارەسەری پرسی سیاسیی کورد دەکات؟**

کامیار سابیر:

وەکو واقیع، حەقیقەتی سیاسیی و جیۆپۆلیتیک، کوردستانی عێراق، بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق. من تەنانەت لەگەڵ ئەو چەمکانەشدا نییم کە پەکەکە، سەردەمانێک بۆ تەسویقی گوتاری ناسیۆنالیزم لە نەوەتەکاندا، برەوی پێدا و ئێستاش بۆ بازاڕگەرمیی وەکو چەمکی سیاسیی بەکاری دەهێنن. وێڕای ئەوەی، ئەوە پێچەوانەی بیرکردنەوەی سیاسیی ئێستای ئۆجەلانیشە، بەتایبەتیی روئیای نوێی ئەو لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی، رێک پێچەوانەی ئەم زۆروبۆرییەی سیاسەتی کوردییە. باشووری کوردستان، بەهەموو پێوەرێک هەڵەیەکی سیاسیی، جیۆگرافیی، زمانیی و لەسەروو هەموشیانەوە ناعەقلانییەتێکی زۆر سیاسیی، نەژادیی و هەرزەکاریی پێوە دیارە. لەهەموو کۆنتێکستێکدا، کوردستانی باشوور دروستترە کە کاتی خۆی بە کوردستانی جنوبیی ناوهێنرا و خرایە سەر دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراق. بەڵێ هەرێمی کوردستان و کەرکوک و سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان، تا ئەم ساتەش بەشێکن لە جیۆگرافیای سیاسیی عێراق و تەنیا وەکو دیفاکتۆ، هەرێمی کوردستان، نیمچە دەستکراوەییەکی هەیە، ئەویش خێروبێرەکەی بۆ حیزب و بنەماڵەکانە و نەهامەتیی ،بێ موچەیی و قەیران و شکستەکانیشی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

ئەوانەی دەڵێن گەڕانەوە بۆ بەغداد، پێش هەموو شتێ زمانی سیاسییان پاک نەبووەتەوە، ناسیۆنالیزمی کوردیی و فاشیزمی کوردایەتیی( بەتایبەتیی فاشیزمە سیاسیی، ئابووریی،

کولتووریی و نەژادییەکەی) لە ئینسانەوە کردوویانی بە رۆبۆتێکی ئایدیۆلۆژیی، کردوویانی بە دەرچەی گڕکانێکی پڕ لە راسیزم و رقیان لە خۆیشیان دەبێتەوە. کردوویانی بە زۆنگاوێک لە جەهلی سیاسیی و طائیفیی کە رەشوسپیی لە دونیای سیاسەت ،دەوڵەتداریی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لێک جودا ناکەنەوە. حیزبە کوردییەکان، هەموویان هەر لە بەغداد بوونە و نیازیشیانە هەر لەوێ بمێننەوە. لێدانی قەوانی کوردایەتیی بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی، بۆ ریزی بەرینی ئەحمەقەکانە، چونکە دز و چەتەکانی  کوردایەتیی، زۆرباش دەزانن چەندین میلیارد دۆلار، چۆن بە خێرایی پێکەوە دەنرێت؟

هاوکات، من لەگەڵ ئەو دیدە موراهیقییانەشدا نییم کە بە حەماسی نەتەوەیی دەڵی لە ٢٠٠٣، کورد دەیتوانی لە عێراق جیاببێتەوە! بە پێچەوانەوە کارێکی باشیان کرد، چوونەوە بەغداد و لە رێگەی دەستور و قانونی نێودەوڵەتییەوە، ویستیان مافەکانی خەڵکی کوردستان و جیۆگرافیای کوردستان لەناو سیستەمی فیدراڵییدا جێکەوت بکەن! ئەوەی کە نەکرا و بۆ گەلی کورد نەچووە سەر، خەتاکەی لەئەستۆی سیاسییەکانی کوردایەتییە کە هەموو شتێکیان لە پێناو پۆست، مەقامی عولیا، پوول وپارەدا گۆڕییەوە. بارزانیی بۆ ئەوەی قۆرغی هەرێمی کوردستان بکات، پێیخۆش بوو تاڵەبانیی ببێ بە سەرۆکی عێراق، تاڵەبانییش، لەتاو ئۆخژنی بەسەرۆکبوون، حیزبەکەی خۆیشی فەرامۆش کردبوو.  لێرەوە ئەم دوو سیاسییە هەموو روئیا و ئومێدێکی سیاسیی و ئابووریيان ئەوە بوو، ناوی زل و پۆستی گەورە و پارەی زۆریان دەست بکەوێت. دواتر بەهۆی قیرەقیرِی کوردایەتییەوە( سەربەخۆیی ئابووریی) پێکەوە پرۆژەی خۆماڵییکردنی نەوتیان دارِشت و نەوتی کوردستانیان بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان دەفرۆشت. دیارە یەکێتیی بە شەراکەتێکی کەمەوە یان دروستتر بگوترێ لە شیرینییە بیلیۆن دۆلارییەکاندا، کەمێک شەریکایەتییان پێکرا و مەلەفی نەوت و سامانە سروشتییەکان لەگەڵ ئاساییشی کوردستان و پێوەندییەکانی دەرەوە،  پارتیی، سەرجەمیانی قۆرغکرد.

مانەوە لە عێراقدا، زۆر باشتر بوو، وەکو لەوەی نێچیرڤان بارزانیی، بە حەماسێکی هەرزەکارانە و ناعەقڵانییەوە، سێ بەسێ تەڵاقی کوردایەتیی بخوات و بڵێت کوردستان لەرێگەی ( تورکیا، تورکیا و تورکیا) ەوە بەرەو کەناری دڵنیایی دەبەم. بەڵێ بۆ نێچیرڤان و بنەماڵە سیاسییەکان، تورکیا، خێروبەرەکەت بوو. بەڵێ بۆ ژەنراڵە سەربازیی و سیاسییە پیر و خەڵەفاوەکانی کوردستان، تورکیا سوودی هەبوو، زۆربەیانی کرد بە بیلیۆنێر، بە صەدان بیلیۆن دۆلاریان بەناوی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق و دژایەتییکردنی شیعەو ئێرانەوە، لە ئەکاونتە تایبەتەکانیان ئاخنی،یان لە پرۆژە زەبەلاحەکانی پشک کرِین و سەرمایەگوزارییە جۆراوجۆرەکاندا، بەگەرِیان خستووە. لە کاتێکدا، سیاسییە بێسەوادەکانی کورد، بە رانتی نەوت و پارەی بودجەی هەرێم، دەیان  هەزار خەڵکیان بۆ بارەبارِ و زیقەزیقی ناسیۆنالیزمی مورتەزیقەی تورکیا و حەماقەتەکانی کوردایەتیی تەوظیف کردبوو، دەیانزانی خێری ئەم

کاسبییە نامۆراڵیی و نا ئینسانییە، چەند قازانجی زۆرە و چۆن صەدان بیلیۆن دۆلار، داهات و قازانجی دەبێت؟ لەبەرامبەریشدا، خەڵکی کوردستان، خزمەتگوزارییەکانیان، ئاستی ژیان و گوزەرانی چینی مامناوەند و چینە هەژارەکان، بە خێرایی بەرەو خراپتر و خراپتر دەڕوات.

دەکرا وەکو کوردستانی سوریا، چۆن باسی جیابوونەوە ناکات، بەڵام قەوارەیەکی زۆر باشی جێگیر کردووە، بە کەمترین گەندەڵییەوە، ئەمانەی هەرێمیش هەمان کاریان بکردایە. پەیەدە، بە پێنج ساڵ، تا رادەیەک لەشکرێکی خاراو و خاوەن پرەنسیپی عەسکەریی هەیە، توانای هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە، دەیانجار لە توانای هێزی عەسکەریی پێشمەرگە بەهێزترە. هۆکارەکەی ئەوەیە، پێشمەرگە بێ ژیانە، بێ پارەیە، باوەڕی بە قیادەکەی خۆی نییە، بە دز و چەتەی دەزانێ، ئەگەر ئەخلاقی عەسکەریی و رۆحی ئازاردراوی کوردبوون نەبێت، ئەگەر ئەرکی نیشتمانیی و هەستکردن بەبەرپرسیارەتیی نەبووایە، زۆرینەی هێزی پێشمەرگە، بەرەکانی شەڕیان چۆڵ دەکرد و دەیانگوت بۆ کێ خۆمان بە کوشت بدەین؟ ئاخر بەڕاستیی جورئەتی دەوێ و پێ لە دڵی خۆت بنێی و بە بێ پارەیی و بێ ژیانیی، ماڵ و منداڵەکانت لەبرسا زیرە بکەن و توانای دانی کرێی خانووشت نەبێ، لەولاشەوە، منداڵە مودەلەلەکانی ئەم سەرکردانەی کوردایەتیی، بە دەیان میلیۆن دۆلار لە دانیشتنێکدا دەدۆڕێنن، سیاسییەکانی باوکیشیان، بە صەدان بیلیۆن دۆلاریان لە ئێستا و ئایندەی گەلی کوردستان، لە ئێستا و ئایندەی نەوەکانی دادێن، دزیوە و بەردەوامیشن.

لە ئێستای حکومەتی عێراقدا، بەپێی دەستور، هیچ ستەمێکی میللیی لەسەر گەلی کورد نەماوە، مانەوە لە عێراقدا، زۆر شەریفانەتر و عەقڵانییترە وەکو لەوەی گەلی کورد خۆی بداتە دەست چەتەکانی کوردایەتیی، بە ئەجێندای تورکیا، هەڵی بسوڕێنن. وەرگرتنی بەشە بودجەی خەڵکی کوردستان، لە حکومەتی فیدراڵ و بوژاندنەوەی کوردستان، زۆر واقیعییتر و ژیرانەتر بوو لەوەی ژێرخان و سەرخانی ئابووریی کوردستان، بۆ چەندین دەیەی تریش تالانیی بکرێت. هەر سەیری کەرکوک بکرێت بەسە بۆ ئەوەی فاشیزمی کوردایەتیی و ئەو رۆحە تالانییەی ناسیۆنالیزمی کوردیی بناسێنرێت. کوردایەتیی، بەس نەوت و غازی کەرکوکی دەوێت، بیدزێت، بیشارێتەوە، بۆ بنەماڵەکانی خۆیان و حیزبەکانی خۆیان، پاشەکەوتی بکەن. لەبەرامبەریشدا، هەموو خەڵکی کەرکوک، لە برسا، زگیان بە پشتیانەوە بنووسێت، رائیدە چەتەکانی کوردایەتیی، باکیان پێی نەبووە و نییە. بەکورتییەکەی مەلەفی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق، لە ئێستادا دەبێ بپێچرێتەوە و بیر لە سزادانی ئەو هەموو دزە گەورەیەی کوردایەتیی بکرێتەوە. دەبێ ئەو هەموو گەندەڵە بیلیۆنێرانەی باسی سەربەخۆیی دەکەن، دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، نەک ببن بە پاڵەوانی فشەکاریی و ریاکاریی نەتەوەیی. نەوەکانی دادێن، ئەگەر بناغەیەکی پتەوی نیشتمانسازییان هەبێت، دەتوانن بڕیاری جیابوونەوە بدەن. لە ئێستادا، بەم هەموو گەندەڵیی و داڕزانە سیاسیی و ئابووریی و ئەخلاقییەوە، هەرکەسێک بیر لە سەربەخۆیی هەرێم و کەرکوک

بکاتەوە، کاسبیی بۆ بیلیۆنێرە سیاسییەکان و تاجیرە قاچاغچییەکانی کوردایەتیی دەکات. ئەم دیاردەیەش لە دوو خاڵ بەدەر نییە، یان ئەوەتا، کوردایەتیی، عەقڵ و ئاگایی لێسەندووەتەوە، یاخود، بە رانتی نەوت و غاز، دەمی چەورکراوە.

Mar 10,2016